ئێران و سیناریۆی دووباره ی وه ك عێراق شێرزاد خه راجیانی

سه رکه وتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و کشانه وه ی سۆڤێتی جاران له ئه فگانستان سرووشتی ناکۆکی و ململانێی دوو جیهانی ( ناتۆ و وارشۆ) بوو له ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست له پاڵ کێشه ی ( فه له ستین) و کێشه ی خه فه کراوی( کوردی) له ساڵانی هه شتای سه ده ی ڕابردوو دا. که سه رئه نجام جه نگی 8 ساڵه ی ( ئێراق- ئێران) به خۆبه ده سته وه دانی ئێران به رامبه ر UN و بڕیاری( 598) کۆتایی هات. گه رچی ئه مه بڕیارێکی تاڵ بوو بۆ ڕێبه ری ئێرانی( ئیمام خومه ینی)،به ڵام هه نگاوێکی ژیرانه بوو که گه لانی ئێرانی دووچاری مه ینه تی یه کانی گه لانیئێراق نه کرد به درێژایی ساڵانی( ئابلۆقه 91-2003)وسه رباریش ئاشتی درووست کرد . کێشه ی ئێستای ( ئه تۆمی ئێران) و هه ڵوێستی ده وڵه تی ئێران و نه خوێندنه وه و به هه ند وه رنه گرتنی هه موو ئه و سیگناڵانه ی ( به ره ی براوه ی ڕۆژئاوا) به دۆسته ستراتیژیه کانی وه ك ( ڕووسیا و چین) یشه وه ده نێرێن ئاماژه ی ئه وه ن که وه زاره تی ( ئه حمه دی نه ژاد) ئه زموونی ساڵی (988) ی له بیر کردوه یان ناخوازێت دووباره ی بکاته وه. ناکرێت ده زگای ئاسایشی نه ته وه یی ئیمڕۆی ئێران ئه وه ی له یاد کردبێت که ڕه تکردنه وه ی وولاته که ی به رامبه ر بڕیاری (598) به درێژایی ساڵێك بۆ هه ڵوێستی ڕووسیا ده گه ڕێته وه . ئیمڕۆ ئێران گه مه یه کی دۆڕاو و دووباره ی سیناریۆی ( به عس و هاوپه یمانان) له گه ڵ ئه مریکا ده کات ،که کۆتایی یه که ی به برانه وه ی ئه مریکا ته واو ده بێت،ئه ویش له هه موو دۆخه کانی ململانێ که دا ده کاته ئه وه ی ئێران ناتوانێت ( چه کی ئه تۆمی) هه بێت،جا ئامانجێکی وا به گۆڕینی ڕژێمی ده سه ڵات له ئێران کۆتایی بێت وه ك له ئێراق ڕوویدا یان به مانه وه ی وه ك لیبیا. لایه نی شارا وه ی گه مه ی هه ردوو لا یا ن به رامبه ر یه کتر وازی تیادا ئه که ن و به هه ڵچوون و داچوونی ململانێکه ماوه و کات و چۆنایه تی یه. پته وی و به هێزی کۆڵه که کانی ئاسایشی نه ته وه یی هه رده وڵه تێك به رامبه مه ترسی یه کانی ده ره وه تا له ناوه وه گه مارۆ نه درێت ، دیموکراسییه و له جۆری ده وڵه تی وه ك ئێران مافی چاره نووسی نه ته وه کانیه تی و به شداری پراکتیکانه ی ده سه ڵات و بڕیاره. چه ند دیموکراسی درز وکه لێنه کانی ناوه وه له ڕووی هێرشی ده ره کی و په لاماردا تۆکمه ده کات ئه وه نده ش کلۆمکردنی که ناڵه کانی به رده م ئۆپۆزیسیۆن له وولاتدا ڕێگای کراوه و ئاسانن که هێرشه کانی لێوه ده کرێن.

ئه گه رچی بیرکردنه وه و مه یلی سه ربازیانه ی ئێران بۆ چه کی ئه تۆمی بیانووی ئه وه ده داته ئه مریکا که تواناو دامه زروه جه نگی یه کانی ڕووبه ڕووی گورزی ئه مریکا بکاته وه ، به ڵام کۆمه ڵێك فاکته ری به هێزی زیاتر هه ن که ناکۆکیه کانی نێوان هه ردوو لایه ن دژوار بکه ن و ئێران بکه نه ژماره 3 ی خاڵی له شکری ئه مریکا پاش تالیبان و به عس:

1) سروشتی ئایدۆلۆژی ئاینی ئێران هه ڕه شه یه له سه ر ئیسرائیل و به رژه وه ندی یه کانی خۆرئاوا. 2) بوونی ئه تۆم له ده ست ئێران وا ده کات ڕۆڵی ناوچه یی زۆرتر بکات به تایبه ت له سه ر وولاتانی بچووکی نیوه دوورگه ی عه ره ب و هه ڕه شه له پاپۆڕو بۆریه کانی نه وت له که نداوی فارس بکات3) باڵاده ستی سه ربازی گۆڕانی تای هێزه کانه له خۆرهه ڵاتی ناوین . 4) ساڵانێکه ئێران ده وڵه تێکی ناو به رنامه ی ( هه ڵاواردنی دوانه ) ی ئه مریکایه پاش ئێراق. 5) هاوپه یمانی و دۆستایه تی له گه ڵ سوریا و گرووپه شیعه کانی لوبنان .

6) هه ڵوێستی دووڕوانه ی له ئێراق.

هه موو ئه مانه له کۆن و نوێ دا وای کردووه له جه نگی دژه تیرۆری نێوان ئیسلامی ڕامیاری و به ره ی ئه مریکا دا،ئێران به وولاتێکی به ره ی دژی تیرۆرنه زانرێت که به لای ئه مریکاوه ئه مه بۆ خۆی پشتیوانی تیرۆره.